## ڕێکاری سنووری پەنابەری چییە؟

ڕێکاری سنووری پەنابەری بە واتای ئەوە دێت کە لە ماوەی پشکنینی داواکاریەکەت:

- دەبێت لە شوێنێکی دیاریکراوی دەستنیشانکراودا بمێنیتەوە و
- ڕێگەت پێ نادرێت داخڵی ناوچەی هۆڵەندی ببیتەوە بەبێ ڕەزامەندێتی.



ئەگەر لەگەڵ خێزانەکەتدا هاتیت، لەوانەیە شوێنی نیشتەجێبوونت بدرێتێ لەگەڵ ئەندامە نزیکەکانی خێزانت (ژنت، هاوسەرت، منداڵی بچووک و منداڵی پێگەیشتووی سەربەخۆ).

**ڕێکاری سنووری پەنابەری لەوانەیە لە یەکێک لەم بارودۆخانەی لای خوارەوە جێبەجێبکرێت:**



- بەشێوەیەکی نارێک هاتوویت و داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردووە لە خاڵی تێپەڕاندنی سنوور یان لە زۆنی ترانزێت.



- تۆ بە شێوەیەکی نارێک سنوورەکەت تێپەڕاندووە.



- تۆ لە دەریادا ڕزگار کرایت.



- تۆ شوێنی خۆت گۆڕیبوو لێرە لە وڵاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا.

رێکاری سنووری پەنابەری جێبەجێدەکرێت بۆ هەندێ هۆکار، بۆ نموونە، ئەگەر:

- بە ئەنقەست زانیاری یان دۆکیومێنتی هەڵەت پێشکەش کردووە، زانیاری یان دۆکیومێنتی پەیوەندیدارت ڕاگرتووە سەبارەت بە پێناست یان ڕەگەزنامەت، یان پێناسەیەکت یان دۆکیومێنتی گەشتت دڕاندووە، یان
- مەترسی سەلامەتی و ئاسایشت دروست کردووە، یان
- خەڵکانی وولاتی خۆت کە داواکاریان پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە مەترسی چەوساندنەوەو یان ئازاردانی جدی دا نەبن.

دەتوانیت پرسیار لە دەسەڵاتداران بکەیت بۆ ڕێکاری سنووری پەنابەری لە کەیسی تۆدا جێبەجێکراوە.

## چەندێک دەخایەنێت؟



ڕێکاری سنووری پەنابەری12 هەفتە دەخایەنێت لەو ڕۆژەی داواکارێکە تۆماردەکرێت. ئەگەر گوازرایتەوە وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا، لەوانەیە ڕێکارەکە 16 هەفتە بخایەنێت.

ئەگەر بڕیارەکە لەو ماوەیەدا وەرنەگریت، ئەوە ڕێگەت پێدەدرێت بچیتە ناوچەکەو بە ئازادانە جم و جۆڵ بکەیت، لەگەڵ ئەوەی کە بڕیارەکەت وەرنەگرتبێت لە ماوەی 12 یان 16 هەفتەدا.

لە حاڵەتی تایبەتی، لەوانەیە هێشتا ڕێگەت پێ نەدرێت بچیتە ناوچەکەو بە ئازادانە جم و جۆڵ بکەیت، لەگەڵ ئەوەی کە بڕیارەکەت وەرنەگرتبێت لە ماوەی 12 یان 16 هەفتەدا. دەسەڵأتداران ئاگادارت دەکەنەوە و ڕوون کردنەوەی زیاتر دەدەنێ ئەگەرئەم حاڵەتە تایبەتە تۆ بگرێتەوە.

## چۆن بڕیار لەسەر داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی وەردەگریت؟



بڕیارێکی نووسراو ڕاستەوخۆ دەدرێت بە تۆ یان بە ڕاوێژکاری یاسایی خۆت، ئەگەر بڕیارێکت هەبێت. بە زمانێک کە لێی تێدەگەیت لە ئەنجامی بڕیارەکە ئاگادار دەکرێیتەوە.ئەگەر بڕیارەکە نەرێنی بوو، هۆکارەکانی ئەمە لە بڕیارەکەدا ڕوون دەکرێنەوە، بڕیارێکت پێدەگات کە تێیدا هاتووە کە دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت.

### ئەگەری تێهەڵچوونەوە



ئەگەر ڕازی نەبوویت بە بڕیارەکە، دەتوانیت تێهەڵچوونەوەی بۆ بکەیت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دادگا پێداچوونەوە بە بڕیارەکە دەکات. دەتوانیت داوای ڕاوێژکارێکی یاسایی بێ بەرامبەر بکەیت بۆ یارمەتیدانت لە تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەکە.

**لە ڕێکاری سنووری پەنابەریدا، ڕێگەت نادرێت کە بمێنیتەوە لە وڵاتەکەدا لە کاتی ڕێکاری تێهەڵچوونەوەکەدا تا دادگا ڕێگەی دەدات.**

دەتوانیت داوا بکەیت کە ڕێگەت بدرێت بمێنیتەوە لەکاتی ڕێکاری تێهەڵچوونەوەکەدا.

پێویستە تێهەڵچوونەوەکەو داواکاریەکە پێشکەش بکەیت بۆ ئەوەی بمێنیتەوە لە ماوەیەک کاتی دیاریکراودا کە لە بڕیارەکەدا نووسراوە. زانیاری ووردی زیاتر وەردەگریت سەبارەت بەمە ئەگەر بڕیاری نەرێنی وەربگریت.

ئەگەر مافی مانەوەت نەبوو بە هۆکاری تر، دەبێت هۆڵەندی جێبهێڵیت لەو بەروارەی دیاری کراوە. ئەگەر بە وویستی خۆت شوێنەکەت جێنەهێشت، ڕەنگە ناچار بیت بگەڕێیتەوە.

